هەفتەنامەیەکی گشتیی کلتوورییە
وەزارەتی رۆشنبیری و لاوان دەری دەکات
ژمارە (٥٣٣) ٢٤ی تشرینی دووەم - ٢٠٠٩

خاوەن ئیمتیاز
وەزیری رۆشنبیری و لاوان

سەرنووسەر
شێرزاد عەبدولڕەحمان



www.heremikurdistan.com
Email: ghkurdistan@gmail.com
ئیمێلی فایلی سیاسی: politicsfile@ymail.com

# سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید وەک باڵیۆزی ئاشتی دەستنیشانکرا



سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجەی شەهید کە ئێستا جێگری سەرۆکی شارەوانییەکانی جیهانە بۆ ئاشتی، وەک باڵیۆزی ئاشتی دەستنیشانکرا.

لە لێدوانێکی تایبەتدا، سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە و جێگری سەرۆکی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی، خدر کەریم بە "ئاژانسی پەیامنێر"ی ڕاگەیاند "بۆ یەکەمجارە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا، کەسێک بە چاودێر لە کۆنفڕانسی شارەوانییەکانی جیهان دەستنیشان بکرێت، کە لەلایەن ڕێکخراوی شارەوانییەکانی جیهان بۆ ئاشتی بەڕێوەچوو ".

وتیشی: "لەو کۆنفڕانسەدا، من دیاریکرام بۆ ئەو پۆستە ".

ئەو کۆنفڕانسەش، کە لە ناوەڕاستی ئەم مانگەدا لە ستۆکهۆڵمی پایتەختی سوید لە پێناو بنەبڕکردنی چەکی کۆکوژ بەڕێووەچوو، تێیدا نوێنەری تایبەتی نەتەوە یەگرتووەکان ئامادەبووە و بە بەشداری نوێنەرانی زیاتر لە ٧٠ وڵاتی جیهان لە سازکراوە.

خدر کەریم وتیشی: "هەر لەو کۆنفڕانسەدا داوامان کرد کە چەکی کیمیاوی بە فەرمی باسی لێوە بکرێت و هەڵەبجەش بە نموونە بهێنرێتەوە".

سەرۆکی شارەوانی هەڵەبجە وتیشی: "ئێستا من باڵیۆزی ئاشتیم...".